ئایا کاتی گەڕانەوەی چەپەکان هاتووە؟.. نووسینی هەمن عەلی

لە ئەوروپادا، گرانیی ژیان و کرێی خانوو ژیانی خەڵکیان قورس کردووە. پەنابەرانیش لە پاڵ ئەم کێشانەدا هووبووەی جیاکاری دەبنەوە. ئاستەوەی توندوتیژەکان پەنابەران تاوانبار دەکەن، لە بەرامبەردا هەڵبژاردن و ئاپرسیێ تازەکان نیشان دەدەن کە چەپەکان لە چەند وڵاتێکی ئەوروپا بەرەو پێش دەچن.

بەرلین نموونەیەکی بەرچاوە. بەپێی ئاژانسی هەواڵی ڕێیتەرز، پارتی «دی لینکە» لە هەڵبژاردنی ئێلووڵی ٢٠٢٦دا بە ٢٥٫٣٪ی دەنگەکان بووە یەکەم هێزی سیاسیی شار. ئێلیف ئەراپ، کاندیدی پارتەکە، دەیەوێت ببێتە سەرۆکی حکومەتی بەرلین، بەڵام بە گەیشتن بەو پێستە پارتەکەی پێویستی بە هاوپەیمانی هەیە. کێشەی خانوو و بەرزیی کرێ لە پرسە سەرەکییەکانی هەڵبژاردنەکە بوون.

لە سوید، بەپێی ئاژانسی هەواڵی ئاسۆشیێتد پرێس (ئەی پی)، بەرێی ئەپزسیۆنی چەپ و ناوەڕاستی چەپ لە هەڵبژاردنی ٢٠٢٦دا ١٧٦ کورسی لە کەی ٣٤٩ کورسی بەدەستهێنا و بە جیاوازییەکی کەم سەرکەوت. پارتی چەپ بەشکە لەو بەرێیە، بەڵام هێشتا پێکهێنانی حکومەت دیار نییە.

لە فینلەندا، بەپێی ئاپرسیی دەزگای ئادیێ و تەلەفزیۆنی گشتیی فینلەندا (ئولە)، پشتیوانیی «هاوپەیمانیی چەپ» گەیشتووەتە ٧٫١١٪؛ بەرزترین ئاستی ئەو پارتە لە ئاپرسیێکانی یەلەدا. ئەمە نیشانەی زیادبوونی پشتیوانییە، بەڵام ئەمە ئەنجامی هەڵبژاردن نییە.

لە دانیمارک، بەپێی ئەنجامە فەرمییەکانی دەزگای ئاماری دانیمارک، پارتی «چەپی سۆز» لە هەڵبژاردنی ئاداری ٢٠٢٦دا پێنج کورسی زیاتری بەدەستهێنا و بە ٢٠ کورسی بووە دووەم گەورەترین پارتی پەرلەمان. پارتەکە باشترکردنی ژیانی خەڵک و پاراستنی ژینگە پێکەوە دەخاتە ناو بەرنامەکێیەوە.

ئەم نموونانە ئەوە ناگەیێنن کە هەموو پارتە چەپەکان وەک یەک بیر دەکەنەوە، یان لە سەرتاسەری ئەوروپادا سەرکەوتوون. بەڵام لە ناو ئەم دەخە نائومێدکەرەدا پرسیارێک دەمێنێتەوە: کە دەبێتە دەنگی ئەوانەی مووچەکێیان بێشی کرێی خانوو ناکات، کەمدەرامەتن، یان وەک پەنابەر لە پەراوێزی کەمەگادا ماونەتەوە؟

ئەگەر چەپەکان بە هەنگاوی کرداری و ڕەزگرتن لە هەمووان وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە، سەرکەوتنەکانیان تەنها بە ژمارەی دەنگەکان

ناپەورەن، بەکو دەبنە تیشکەکی هیوا بۆ ئەوانەی ماوەیەکە چاوەڕێی گەڵانن. کەواتە ئەنگۆ هەشتا زوو بڕیار بدەین کاتی گەڵانەوەی چەپ هاتووە، بەڵام دەرگاکە کراوەتەوە.
ئەم پرسیارە تەنها هی ئەوروپا نییە؛ لە کوردستانیشدا کە دەبێتە دەنگی ئەوانەی لە نادادپەروەری دەناڵێنن؟ کوردستان پێویستی بە دەنگەکە کە بەرگری لە مافی کرێکاران، کەمدەرامەتان و ئەوانەی لە پەراوێزدا ماونەتەوە بکات. ئەگەر چەپەکانی کوردستان بتوانن ئەم داواکارییانە بکەنە کاری ڕاستەقینە، دەتوانن هیوای گەڵان لە دەی خەکدا زیندوو بکەنەوە.